# لەیلا قادر: قەیرانی دارایی و مووچە داوای جلوب

لە دێرزەمانەوە تا هەنوکە زۆربەی ئافرەتانی کورد شانبەشانی پیاوان کاریان کردووە. ئەوەتا ئێستاش چەندین ئافرەتی بوێر و کارامە کاری خۆیان دەکەن، هەر یەکەش بەپێی پسپۆڕی کارەکەی، چونکە پێیانوایە هیچیان لە پیاو کەمتر نییە، ئەگەر بیانەوێت دووکانێك، یان شوێنێك بکەنەوە. چیرۆکی ژیانی لەیلا قادر خانمێکی بەرگدروو لە سەر زاری خۆی دەبیسین کە ڕۆژانە لە بەیانی تا ئێوارە لە پێشوازی خەڵکدایە، تا ئێستا بە هەزارەها جلی کوردی و کراسی جۆراوجۆری بۆ خانمان دووریوە و پێشکەشی کردوون.

***چۆن رووت لە پیشەی بەرگدروون کرد؟**

-حەز و خولیام بۆ ئەو کارە دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵیم، کە ڕۆژانە خۆم بە پارچەپارچە کردنی جل و بەرگ و قوماش سەرقاڵ دەکرد. دواتر هێواش هێواش پەرەم بە کارەکەم دا و زانیم لەم بوارە شتێك دەزانم. هەر بۆیە کارەکانم زیاتر کرد و سەرەتا بە خۆڕایی کارم دەکرد، نزیکەی (١٥) ساڵە ئەو دووکانەم کردۆتەوە و تا ئێستاش بەردەوامم لە کارەکەم.

***ئێستا کچان زیاتر چ جۆرە کراس و قوماشێك هەڵدەبژێرن؟**

- ئێستا ئافرەتان هەریەکەو بە پێی خواست و ویستی خۆی داوای جلی

# چۆن پرچت لەگەڵ رووخسارت دەگونجێنیت؟

زۆربەی کچان بە هۆی ئەو چەشنە زۆرەی تەسریح و شێوازەی پرچەوە بە دەست رێکخستنی پرچیانەوە دەناڵێن. هەر بۆیە هەر کاتێك خانمێك دەیەوێ پرچی جوان بکات، لە دوای کۆمەڵێك تەسریحەکردن، هێشتا دڵی ئاو ناخواتەوە و بەدڵی نابێت. رەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە جۆرە تەسریحەیەك دەکات، لەگەڵ شێوەی دەم و چاو و روخساری ناگونجێ. لێرەدا پێویستە خانمان شێوەی روخساری خۆیان بناسن و بزانن چ جۆرە تەسریحەیەك، یان شێوازێکی پرچ برین و ئامادەکردن لەگەڵ سەر و چاویان شیاو دەبێت. لێرەدا چەند حاڵەتێکی شێوەی رووخسار و تەسریحەی پرچ دەخەینەڕوو تا ئێوەش بتوانن لەم زانیارییانە سوود وەربگرن:

- ئەوانەی رووخساریان خڕو بازنەییە، واچاکە ئەو جۆرە تەسریحەیە بۆ پرچیان بکەین، کە برێکی پرچیان لە سەرەوەی سەریان کۆ بکەنەوە و لەگەڵ تەنیشتەکانیش بە سەرەوە بلکێت.
- ئەوانەی رووخساریان چوارگۆشەیە، واتە وەك چوارگۆشەیەك نیشان دەدات، وا چاکە تەسریحەیان خاو بێت و تا لەسەر شێوەی رووخسارەکە بنیشێت، هەروەها باشترە کە پرچت نەبەستیت تا بە سانایی بەسەر رووخسارتەوە بێت و بچێت.
- ئەوانەی شێوەی رووخساریان لاکێشە نیشان دەدات، واتە لە سەرەوە و خوارەوە وەکو یەکە، وا باشترە پرچیان لە لا تەنیشتەکانەوە خاو بکەنەوە تا بەسەر هەردوولا بکەوێتە خوارەوە.
- سەبارەت بەوانەی نێوچەوانیان بچووکە و گەردنیان پانە، واچاکە زیاتر پرچیان لە بەشی سەرەوە کۆ بکەنەوە و لە خوارەوە کەم هەبێت، تا شێوەی رووخساریان هاوسەنگ بکات.
- ئەوانەی دەم و چاویان لە شێوەی دڵ وایە، واتە لە سەرەوە گەورەیە و لەلای گەردنیش ورد و بچووکە، پێویستە پرچیان سادە بێت و لە سەرەوەش کراوە بێت، بەڵام دەبێ لە هەردوو لایەکان بە تەواوی بکەوێتە خوارەوە.



## ـــــــــەرگیشی کەم کردووە



کوردی دەکەن، چونکە ئاستی داواکردن و هۆشیاریی مۆدە و جل و بەرگ بەرزبۆتەوە و زیاتر ئەوان لە ڕەنگ و شێوازی جلەکەیان دەستپێشخەری دەکەن.

***تا چەند لە کارەکەتدا دڵخۆشی و کێ هاوکاریت دەکات و چ پەیامێکت بۆ ئافرەتان هەیە؟**

- لە کارەکەم دڵخۆشم و هیوام وایە زۆربەی کچان لەم کۆت و بەندە رزگاریان بێ و هەر خۆیان سەرپەرشتی کارەکانیان بکەن، بۆ نموونە کاتێك کچێك دەچێتە لای بەرگدروویەك، حەز دەكات بەرگدرووەکە ئافرەت بێت، تا بە جوانی لێی تێبگات و قیاس کردنەکەشی هەر لەلای ئافرەتەوە بێت، کارەکەشم خۆشدەوێ و هاوسەرم یارمەتی تەواوم دەدات لە کارەکانم و بۆیە پێمخۆشە هەموو پیاوان لە ژیانیاندا پشتگیری هاوسەرەکانیان بکەن.

***تا چەند کراسی کوردی ئێستا باوە و چ جۆرێکی زیاتر داوا دەکرێ؟**

- ساڵانی پێشووتر داواکاری لەسەر جلی کوردی زیاتر بوو لە چاو ئەمساڵ. ئەم ساڵەدا بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی مووچە داوای ئەو جلە کەم بۆتەوە، بەڵام هێشتا کچان و ئافرەتان زیاتر داوای جلی کوردی بە نەخش و گوڵ گوڵ دەکەن، وەك هەبوونی گوڵێکی گەورە لەنێو کراسەکەدا، یان هەیە بەپێی حەز و خواستی خۆی جۆر و ڕەنگی قوماشمان بۆ دەهێنێ و ئەوەی لە دڵیەتی داوای دەکات.



# کراسی زەرد بۆ ڕۆژی مارەبڕین



لە مێژە گوتوویانە : کراس زەردێ کراس زەردێم لێ ئاڵاوە، کراس زەردێم بۆ بکەن بە بووك بیبەن بۆ باخی شەقلاوە! وادیارە لە نێو کورددا، کراسی زەردیان پێ جوان بووە، بۆیە ئەو گۆرانییە کەلتوورییەی لێکەوتۆتەوە. لە ئێستاشدا ئەو ڕەنگە باوی هەیە و زۆربەی کچان لە بۆنە و ئاهەنگ و زەماوەند لەبەری دەکەن. ڕەنگی زەرد بە ڕەنگێکی سەرنجڕاکێش ناسراوە، کە هەر جلێکت لە ڕەنگی زەرد بێ، دەبێتە جێ سەرنجی کەسانی دەوروبەرت، چونکە تیشکی هەتاو و ڕووناکی ڕەتدەکاتەوە و بەمەش بە شەوقتر دەبێت. لە تازەترین مۆدی کراسی مارەبڕیندا، لەلایەن پسپۆڕانی جوانکارییەوە پێشنیازی کراسێکی درێژ و ڕەنگی زەردیان کردووە، بەم جۆرە کراسی زەرد دەبێتە جێ مەبەستی ئەو رازەی دڵی کچان، بەتایبەت کاتێك کچێك لە سەروبەندی مارەکردندا دەبێ، ئیدی پێویستی بە کراسێکی نایابە لە جوانیدایە، تا لە ڕۆژی مارەکردندا هەر خۆی شاجوانی سەر زەمین بێت.

## باڵەخانە خوار و خێچەکە!

لە زۆربەی وڵاتان، چەندین باڵەخانەی بەرز هەن، ئەو باڵەخانانە بە هەوربڕ ناسراون، واتە ئەوەندە بەرزن هەوریش دەبڕن، بەڵام هەندێ لەو باڵەخانانە ئەگەرچی بەرزن، هەروەها دیزاین و شێوازی ئەندازەییان لەلایەن ئەندازیارەکان بە جۆرێك دەنەخشێنن کە دەبنە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵك. ئەوەتا یەکێك لە بەرزترین و سەیرترین باڵەخانە لە شاری نیویورکی ئەمریکییە، شێوەی ئەو باڵەخانەیە خوار و خێچە، ئەگەر لە دوورەوە سەیری بکەی، وادەزانی بە هۆی هێزی هەوا و با، باڵەخانەکە لار بووە! ئەو باڵەخانەیە ناوی (گەیری)ـە و لە (٧٦) نهۆم پێکدێ و نزیکەی (٢٦٧) مەتر بەرزە، بەم دواییەش کۆمپانیای (ئیمبۆرس)ی تایبەت بە شێوە و دیزاینی تەلار و باڵەخانەکان، باشترین خەڵاتی بەخشییە شێوە و دیزاینی ئەو باڵەخانە خوار و خێچە، ئەو باڵەخانە لەلایەن ئەندازیارێکی کەنەدی بە ناوی (فرانك گەیری) درووستکراوە و هەر بە ناوی ئەو ئەندازیارەش کراوە.



## نمایشی کچانی شێوە گوڵ

زۆر جار هەندێ جلی وا دەبینین دەبێتە جێگەی سەرنجمان، لە کاتێکدا لە بواری فاشیون ومۆدەدا هەموو شتێك دەردەکەوێ، بەڵام هەندێ جاریش مۆدەکان جێگەی بڕوای خەڵك نابن و کەسیش پێی جوان نابێت، هەندێکی دیکەش تەنیا بۆ نمایشە و مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوە نییە. لە تازەترین نمایشی جل و بەرگدا، کە سەیرترین جلی تیایدا نمایش کراوە، کە بە نمایشی شێوە گوڵ ناسراوە. ئەوەی جێگەی سەیرە ئەوەیە کە نەك تەنیا جلی نمایشکارەکان لە گوڵ و گوڵزار بێت، بەڵکو لەش و لاریشیان بە تاتۆ و نەخشیی گوڵ ڕازاوەتەوە، ئەگەر سەیری نمایشکارەکان بکەی، سەراپای جەستە و لەش و لاریان لە نەخشی گوڵ داپۆشراوە. ئەو نمایشە لە شاری ئۆنتاریۆی کەنەدی کراوەتەوە، لەلایەن (ئێدوارد وانیفول) دیزاین و نەخشی بۆ ئەو نمایشە کردووە، کە بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی ئامادەبووان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تا ئێستاش بە سەرنجراکێشترین نمایشی شێوە گوڵ دەناسرێت.









# نەهامەتترین ڕێگەی قوتابخانە

ڕێگـــەی قوتابخانە، بۆ هەندێ لە قوتابیان خۆشـــترین ڕێگەیە و بۆ هەندێکی دیکەش سەخترین ئەرکی ڕۆژانەیانە. منداڵی قوتابی لە ســـەرەتای چوونی بـــۆ قوتابخانە، پڕ بە دڵ حـــەز بە خوێندن دەکات و کتێب و کەرەســـتەکانی هەردەم توند و تۆڵ بە دەستەوە دەگرێت و تەنانەت ڕۆژانی بارانیش تا دەگاتـــە قوتابخانەکـــەی چەندین نەهامەتی دەبینێت، بەڵام ســـەخترین ڕێگەی چوونە قوتابخانە، لای قوتابییەکانـــی گوندێکی وڵاتی (فلیپین)ـە کە ڕۆژانە بە ســـەر تەل و پردی تەســـك و ســـەر ڕووبار دەپەڕنەوە و تا دەگەنە قوتابخانە چەندین ناخۆشی و نەهامەتی دەبینین. لە ناوچـــەی (ڕایزال)ی وڵاتی فلیپیـــن، کە ناوچەیەکی شـــاخاوییە، تەنیا یەك قوتابخانە هەیە، زۆربەی منداڵانی گوندەکانی دەوروبەری ڕێگـــەی قوتابخانەیان بەناو ئاو و ڕێگەی تەســـکی شـــاخاوی دەبڕن. بۆیە دەبێ قوتابیانی کوردســـتان، بە ڕێگەی قوتابخانەیان دڵخۆش بن، چونکە ئەگەر خەڵکی فلیپین بوونایە چییان دەکرد؟

# لە کوردستان ئۆتۆمبێلیش تەخەروج دەکات

دوای ئەوەی لە ژمارەکانی پێشـــوودا، ئۆتۆمبێلێك لە شێوەی بـــووك و زاوا ڕازێندرایـــەوە لەلایەن کـــوڕە گەنجێکەوە بە ناوی (سیراون ســـابیر) کە قوتابی کۆلێژی حەیاتە لە شاری هەولێر، ئەمساڵیش بە بۆنەی ئاهەنگەکانی دەرچوونی قوتابیانی کۆلێژ و پەیمانگاکان، ئۆتۆمبێلێکی جۆری فۆردی لە شێوەی قوتابییەك کـــە لە ڕۆژی دەرچووندا بێت، ڕازێندرایەوە. ئەو ئوتۆمبێلە کڵاو و سمێڵی بۆ کراوە، کە کەرەستەکان لە فلینە دروست کراون و بە کۆمپیوتەر دیزاینیان کردووە. جێگەی ئاماژەیە ئۆتۆمبێلەکەی لـــە ڕۆژی ئاهەنگ لـــە نێو قوتابییەکاندا بـــوو، هەمووان بە ســـەرنجەوە تەماشـــای ئیتۆمبێلی قوتابییەکەیان دەکرد، ئەو بیرۆکەیە لەلایەن خۆیەوە بۆی دروست بووە، کە حەزی بەو جۆرە کارانەیە، تەنانەت تاوەکو ئێســـتا چەندین کەرەستەی دیکەشی دروســـت کردووە، تا ببێتە جێگەی ســـەرنج و خۆشی کەسانی دیکە، مەبەستیشـــی لەو ئوتۆمبێلە ئەوەیـــە، کە تەواوکردنی زانکـــۆ، وەك ئۆتۆمبێـــل وایە، دەڕوات و دەبـــێ لە داهاتوودا بتوانی سوود لە زانیارییەکانی خوێندنەکەت وەربگرێت.





## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەستەکانت لە نێو ناختدا بپارێزە، چونکە ئێستا کەم کەس هەن جێگەی متمانە بن، بۆ ئەوەی نهێنییەکانتی بۆ باس بکەی. ئەو کارەی ڕابردووشت بە خراپە بۆت هاتەوە، چونکە کەسی بەرامبەر نیازی پاك نەبوو، کەسایەتیت بەهێزە و ژیرانە بیر دەکەیتەوە.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ساڵانێکە خەون بەو ئاواتەت دەبینی کە ئێستا بۆت ڕەخساوە، بۆیە مەهێڵە کەس لێت تێکبدات و دووبارە هەوڵی خۆتی بۆ بدە. ماوەیەکە ڕێگەیەکی جوانت گرتووەتەبەر لە هەڵسوکەوتت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت، تا زیاتر لێیان نزیکتر بیت، سوودی زیاتری بۆت دەبێت.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاتێك بیرۆکەیەکت هەیە، پێویست ناکات کەسانی دیکە پێی بزانن، ئەو کاتەی دەتەوێ کارێك بکەیت، هەوڵی خۆت بدە و داوای یارمەتی مەکە، ئەگەر کێشەیەکەت هەیە، لەسەرخۆ بە و چاك دەبێت، کاتێکی ناخۆشت بەڕێ کرد، کاتی خۆشییە.



## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ماوەیەکە پەیوەندییەکانت تێکچووە، شایستەی ئەو جۆرە ڕەفتارەش نیت کە کەسێکی نزیکت بەرامبەرت دەیکات، وا باشە بۆ ماوەیەك لێی دوور بکەویتەوە، تا لە بیرکردنەوەت تێدەگات، ڕێگەی داهاتووت بەرەو باشی دەچێ. زیاتر پشت بە خۆت ببەستە.



## فیلکاریی چاو

- لەم وێنەیەدا، گیاندارێك هەیە و هەوڵبدە بیدۆزیتەوە !



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتێك لە کارەکانت تێدەگەیت کە ئەنجامێکی باشت بە دەست دەگات، هەر بۆیە دەبێ بزانی چۆن بۆ داهاتووی باشترت کار بکەیت. پێشنیاری کارێکی نەشیاوت پێدەکەن، بێ دوودڵی ڕەتی بکەوە. هەمیشە بیر لە داهاتوویەکی گەش بکەوە، چونکە سەرکەوتنت نزیکە.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەوەی ماوەیەکە بێزارت دەکات، پێویستە لێت تێبگات کە مەبەستی تۆ چییە. ڕێگەی ئەو کەسانە مەدە کە دەیانەوێ دەستوەردانی ژیانی تایبەتیت بکەن. هەنگاوەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەی و هەمیشە بیر کردنەوەت با بەرەو خۆشی بێت و لە ڕەشبینی دوور بکەوە.



## جگەرەکێشان قەدەغەیە!



وەك هەنگاوێکی هۆشیارکردنەوە جگەرەکێشان بۆ ئەوانەی جگەرەکێشن، چەندین وێنەی سەیر و سەمەرەی تایبەت بە ڕێکلامی ترسناکیی جگەرە ئامادە دەکەن، بە مەبەستی ئەوەی تا ئەو وێنانە کاریگەری لەسەر جگەرەکێش بکات و لە زیانەکانی جگەرە تێبگەن و دوور بکەونەوە. ئەوەتا لەلایەن ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی کۆمەڵێك کەرەستەی هێناوە و وێنەی گرتوون، کە هوشیارکردنەوەیە لەوەی جگەرەکێشان وەك مانای ئەوەی دژی تەندرووستی مرۆڤە، یەکێکیان سیسەمێکی نەخۆشخانەیە لە ڕەنگی جگەرە دروست کراوە، وێنەیەکی دیکەش لێوی ئافرەتێکە بە جگەرە سووتاوە، یەکێکی دیکەش دەمانچەیەکە لە جیاتی گوللەی لەسەر بێت، جگەرەیان تێکردووە.

## بۆ زانیاریت



### - فیل -

زۆربەمان فیلمان نەبینیوە، چونکە لە وڵاتی ئێمە نییە، ئەگەر هەشبێت تەنیا بۆ نمایش هێنراوە، با لێرەوە چەند زانیارییەکی سەیر لەسەر فیل بزانین. بە زیرەکترین گیانداری شیردەر دادەنرێ، کاتێك لە دایك دەبێت کێشی تەنیا (١٠٠ تا ٢٠٠) کیلۆگرام دەبێت، تەنیا مێشکی فیل (٥) کیلۆگرامە، کاتێك لە دایك دەبێ، بەبێ ددانە و پاشان ددانی بۆ دەبێت، فیل نزیکەی (٥٠) ساڵ دەژی، قورسترین فیل تا ئێستا کێشیان وەرگرتووە، (٥) تەن بووە، وێڕای ئەو کێشە زۆرەی دەتوانێت بە خێرایی (٤٠) کیلۆمەتر لە کاتژمێریکدا بڕوات، هەروەها کاتێك فیل خەمبار بێت، چاوەکانی لە فرمێسك پڕ دەبن.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠
هەست بە بێ ئومێدی دەکەیت و لەگەڵ هەنگاوەکانیشت ڕێگەی چاکت گرتووە. هەموو کاتێك ناکرێ گلەیی لە کەسانی نزیکت بکەیت، بۆیە دەبێ خۆت کارەکانت جێبەجی بکەیت و هەمیشە گەشبین بیت. ساتەوەختێکی خۆش بەڕێوەیە و چاوەڕوانی بکە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢
ئەو کاتانەی زۆر بیر دەکەیتەوە، واباشە بیر لە داهاتووت بکەیتەوە، نەوەك ڕابردوو بهێنیتە بەرچاوت، چونکە بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت. کەسێك دەیەوێت لێت نزیك ببێتەوە و نیازی باش نییە، بۆیە واچاکە ڕێگەی نەدەیت زیاتر نزیك ببێتەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١
کاتێکی خۆشت بەسەر برد، دەبێ بزانی کە چ کاتێك هەنگاوەکانت جێبەجێ دەکەیت، ئەو کارەی ڕابردووت ئەنجامی نەبوو، چونکە کاتەکەی گونجاو نەبوو، ماوەی داهاتووت باش و خۆشی دەبێت و کاتی ڕەخنەگرتن نییە و دڵت گەش بێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨
ڕێگەیەکی جوانت هەڵبژاردووە لە چارەسەری کێشەکانت، هەر ماوەیەکە تا دەگەیتە ئەو ئەنجامەی مەبەستتە، کەسێکی نزیکت دەیەوێ هاوکاریت بکات، تەنیا چاکەی تۆی دەوێ و دەیەوێ یارمەتیت بدات، تۆش بە هەڵە لێی تێمەگە، کەسێکی هەست ناسکە و چاکەی تۆی دەوێت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١
لەم کاتەدا واچاکە هەندێك پەلە نەکەیت لە کارەکانت، چونکە کاتێکی زۆرت لە پێشە تا هەنگاو بە هەنگاوی کارەکانت بە سەرکەوتوویی تەواو بکەیت، هەندێك نەرم و نیان بە، چونکە ڕەفتارت توندە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت، ئەوەش هیچ سوودی بۆ تۆ نییە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠
کاتێك دەتەوێ یارمەتی کەسێك بدەی، دەبێ بزانی پێویستی بە چییە بۆ ئەوەی چاکەی لە خۆتەوە بە خراپ بۆت نەگەڕێتەوە. ئەو کارانەی لەم ماوەیە ئەنجامی دەدەیت، جێگەی قبووڵن، هەردەم بیر لە داهاتوویەکی باش بۆ خۆت بکەوە، ڕابردووش لە بیر بکە.

## پەند و وتە!



- ڤینسنت ڤان کۆخ، وێڕای ئەوەی وێنەکێش بووە، بەڵام پەندێکی جوانی هەیە دەربارەی هەوڵدان لە ژیان و دەڵێت: ئەوە چ ژیانێکە، ئەگەر هیچ هەوڵی بۆ نەدەیت، تەنانەت ئەگەر بویرێت نەبێت بۆ هەوڵدان لە هەموو کارەکانت، ئەوا ژیان دروست نابێت.



## دووانەیەکی دوو ڕەنگ!



ماوەیەك لەمەوبەر وێنەی ئەو جمکە دوو ڕەنگ پێستەمان بڵاو کردەوە کە یەکێکیان ڕەش پێست و ئەوەی دیکە سپی پێستە و ئێستا گەورەن و هەر بە یەکەوەن، وادیارە ئەمە دیسان دووبارە بۆتەوە، ئەوەتا لە شاری کینگرووودی وڵاتی بەریتانیا دوای ئەوەی ئافرەتێك دووگیان دەبێ، ئیدی لە چاوەڕوانی منداڵدا دەبێ، دواتر پێدەڵێن کە زگەکەی دووانەیە، ئەو ئافرەتە ناوی (ریبیکا هورتۆن) و هاوسەرەکەشی (کۆرتیس مارتن)ـە، دوای منداڵبوون دوو کچی دەبێت و هەریەکە ڕەنگێکە، ناوی ئەو منداڵەش (کیندال و بایلی)یە، کە یەکێکیان سپی پێستە و ئەوەی دیکەش ڕەش پێستە.



## کچێک ئەوەندەی بروسلی ئازایە!

ئەوەی خۆی بە ئازا دەزانێ، با بچێ لەگەڵ ئەو کچە بچکۆلانەیە شەڕ بکات، ئیدی حاڵی خۆی دەبینێتەوە چی بەسەر دێ. دوای ئەوەی بەشداری دەکات لە بەرنامەی بەناوبانگی (British Got talent)، هەمووان سەرسام دەکات. ئەو کچە ناوی (جین ماکبارلاند)ی (٩) ساڵانەیە، بەهرە و توانایەکی زۆر سەمەرەی هەیە لە شەڕکردن بە دەست و شمشێر، ئەگەرچی هاوتەمەنی ئەو کچە خەریکی بووکەشووشە و شتی کچانەن، کەچی ئەوەیان بە جووڵە سەیر و هەنگاوە شەڕکردنەکەی دەتوانێت نمایشێکی شایستە پێشکەش بکات، جگە لە لێژنەی بەرنامەکە، هەروەها چەندین کەسانی پسپۆڕی بواری کۆنگ فۆ و تایکواندۆ، باسی ئازایەتی ئەو کچە شایستە دەکەن، کە ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە باشترین یاریزانی شمشێربازی.